www.kurdistannet.org
28-8-2006 22:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# لەسەفەردا.. خەمێکی شیرینتر ... نیازی حەمە عەزیز

دیارە من کاراکتەری
بەشی دووەمی ئەو سەفەرەم
ئەمە بەختێکە ئەگەر نەمەوی
درۆزن و ترسنۆکم!
پەردەی یەکەم،
ختووکەی حەزێکی ئاڵ بوو
پەردەی یەکەم لەم سەفەرە
دەریایەك ئەشکی ئەفسانەیی
کردە ئامێزی چارەنووسێکی بێزراو!
تۆ بۆ زەحمەتی ئەو ڕێگایەت لەکۆڵنا؟
بۆ
هەموو خەونە ڕەنگاڵەییەکانی خۆتت
لەهەرەمی تارو ئەستەمی ستەمەکانی
فیرعەونەکانی بڕیاردا گۆڕەوشار کرد؟
* *

ئەی فریشتەی ماناکانی میهرەبانی،
ئەمە خەمەکانی عیشق و
ئازارەکانی ئەو کۆچە بوون
سرووتی پەرستگای بتەکانی پیاوی
بۆ تۆ کردە پەیامێکی قەتیس!!
* *

تۆ زەمەنێك بۆ بەهاکانی جوانی
بویتە قوربانی
بۆ گوڵە هەڵوەریوەکانی بەهەشت
بویتە مەزرا
بەڵام نەتتوانی لەژێر قەمچی ئازارەکانی
ستەمی هاوڕێکەت
نووزەیەك،
هاوارێك، بکەی بە یادەوەری
* *

پەردەی دووەمی بی پەردەی
زۆر بی مانای سەفەرەکەت
وەرزی بارینی خەم نیە

ئەی فریشتەی میهرەبانی
ئەمجارەیان مەنزڵگای
حەزە تازەکەت
تاریك و تەلدڕوو نیە
* *
تۆ،
چیدی لە هەور مەپرسە
ئەشك چیە؟
سیحری سووتان
لە ئاتەشگەدە فێرمەبە
ڕق لە شمشێر دابماڵە
بۆ سۆز بژی
بژی بۆ پەیڤێك
لەدڵێكدایە و ئێستا گۆ نەكراوە
سەما بۆئاوازێك بكە
نەفرەت لە دوێنی دەكات
بمرە بۆ عیشقێك
وەكو مۆم لەدڵتدایە
ئەمە ئەو تاسەیە ئەگەر دەری نەبڕی
درۆزن و ترسنۆكی!
ئەی فریشتەی میهرەبانی..

ڕانیە / بەهاری 2006